عەلی دەرویش






**ولاّتانی تێری جیهان**
**دەفتەرێکی سوریان هەیە**
**بۆ ئەو مەل و گیاندارانەی**
**کە کوشتنیان قەدەغەیە**
**داوا دەکەم لە یۆنسکۆ**
**لەدەفتەرە سوورەکەیدا**
**ناوی منیش تۆمار بکات**
**لە راوکەرو بازرگانان**
**کەوڵ و پێستم رزگار بکات**

ماوەیەك بەر لەئێستا پیرە موغانی نیشتمان، مامە خەمەی کوردەواری، شاعیری گەورەی کورد د. عەبدوڵلاّ پەشێو لەسەر زەمینی تاراوگەوە گەڕایەوە باوەشی کوردستان، ئەو کوردستانەی دەیان ساڵە پەشێو ملوانکەو گەردانەی مرواریی شیعرو گوڵ ئەستێرەی هەڵوێست بە بەرۆکیەوە دەکات. هەر کە گەیشتەوە سەرخاکی دایك یەکەم هەنگاو، یەکەم بڕیارو یەکەم خۆزگەی ئەوەبوو کۆڕێکی شیعری لە کەرکوکی گەورە شاری غەدر لێکروای کوردەواری کوردستان بگێرێت. لقی کەرکوکی سەندیکای رۆژنامەنوسانی کوردستان بە شانازییەوە ئەو ئەرکەی لەئەستۆ گرت و لە ئێوارەیەکی کانوونی ئەم پایزەداو لەم مانگەدا لەهۆڵی کۆمەڵەی رووناکبیری کەرکوك پەشێو پەرچەمی سووتاوی کەرکوکی گوڵاو پڕژێنی شیعر کرد:

**سەدان ساڵە لەوێرانە ماڵی خۆمدا کتکە کۆرەی**
**گۆشەی متبەقی سوڵتانم**
**سەدان ساڵە حەوشەو بەرەی خۆم والاّیەو**
**لەبەر دەرگای رزانی خۆم پاسەوانم**
**سەدان ساڵە رۆژێك دەبم بە مەتیەری والی بەغدا**
**رۆژێك لەتاران کوتاڵم**
**رۆژێك لیفکەم گەڵی ژنی سوڵتان دەشۆم**
**رۆژێك گەسکم شام دەماڵم**

دواتر هەر لەئێوارەیەکی پایزی خەمی ئەم شاری هەولێرەو لە هۆڵی رۆشنبیری، پەشێو باڵای هەولێری لە شیعر گرت و قەتارەی پڕ لە فرمێسکی بۆ شوباتی پڕ لەبرین و پڕ لە کۆست و خەمی هەولێر رێزکردو بە شیعر بەژنی بریندار ی شاری هەژاندو یەکێتی نووسەرانی کورد لقی هەولێریش گێڕانی ئەم کەرنەڤاڵی شیعرەی لە ئەستۆ گرت.

دواتر بەرەو سلێمانی بەڕێکەوت و یەکێتی نووسەرانی کورد لقی سلێمانیش لالەزارو مێرگی هەمیشە پاراوی شاریان کردە مینبەری بەهارە شیعری پەشێو. ئەم ئێوارەیەش سلێمانی لەباوەشی پڕ لە میهرو خۆشەویستی د. عەبدوڵلاّ پەشێودا خەوێکی قوڵی لێکەوت.

هەر لەکانونی پڕ لە حوزن و هیواو خۆزگەدا پەشێوی شیعرو هەڵوێست بەرەو کەلاری پایتەختی خەم و سوتان و گەرمیان کەوتە رێ، گونجانی شار یەکە یەکە گوڵ ئەستێرەی شیعرەکانی ئەویان لە پەرچەمی کچان و کاکۆڵ و بەرۆکی کوڕان دا.

لەهەموو ئەو کۆڕانەدا سەدان لاوی دڵ پڕ لە هیواو خۆزگەو چاوەڕوانی، سەدان گەنجی رۆح سووتاوی چاو پڕ لە نیگای چاوەڕوانی ئامادەبوون و چەپڵەو هەلهەلەی ئەوان تێکەڵ بە باڵای شیعری پەشێو جوانترین سەمفۆنیای ژیان و پڕ تامترین و پڕ لەچێژترین ئاوازی رەنگاڵەیی و نەمریان دەچڕی- گەورەیی پەشێویش لەوەدایە کە ئەو شیعرەکانی هاوتای هەڵوێستەکانیەتی، بۆیەش پەشێو جگە لەوەی بە مانای وشە شاعیرێکی گەورەیە هەروەها مرۆڤێکی گەورەشە- پەشێو خۆی شیعرو تێکستەو لەپاڵ شیعرەکانی دەبێت خۆێشی بخوێنرێتەوە- پەشێو دەنگی هەمیشە زوڵاڵی قۆناغەکانی بێ رەنگیە. کوردستان و ژیان لەنێو شاکارە جوانەکانی پەشێودا جوانتر دەبێت.

# خاتوو پەیمان عومەر: لەپەیوەندییەکی تەلەفۆنیدا



**رێژین بابە عەلی/ ئەڵمانیا**

هونەرمەند پەیمان عومەر یەکێکە لەو خانمە دەنگە بەسۆزە کوردانە کەماوەی 30ساڵە رەسەنایەتی کوردی دەپارێزێت. پەیمان عومەر لەم ماوە درێژەی کاری هونەری خۆیدا کۆمەڵێك بەرهەمی زۆری تۆمار کراوی هەیە کە هەندێك لەو بەرهەمانە لەهیچ کەناڵێکی T.V پەخش نەکراون.

خاتوو پەیمان عومەر گەرەکێتی لەرێی هەفتەنامەی ئازیزی رێگای کوردستانەوە ئازیزان و هەوادارانی دەنگی لەوە بە ئاگا بێنێت کە لە ئایندەیەکی نزیکدا سایتی تایبەتی خۆی لەسەر تۆڕی ئەنتەرنێت دەکاتەوە کە بەشێکە لەو کاروبارە هونەرییانەی هونەرمەند لەخۆ دەگرێت کە تاکو ئێستا بلاّونەبۆتەوە. هاوکات ئەو کارو فیستیڤاڵانەی کە پەیمان خان تا ئێستا ئەنجامیداون.

# بەهجەت یەحیا فەنا دەبێ



ئا/ زیاد کەریم

دوای ماوەیەك بێدەنگی هونەرمەندی دەنگ خۆشی کورد (بەهجەت یەحیا) دوایین ئەلبوومی گۆرانی خۆی بەناوی (فەنابوون) بلاّوکردەوە کە لە (7) گۆرانی پێکهاتووە ( فەنابوون- تەکیەی عاشقان- ئەوین سنووری نییە- ئەگەر بمرم- شینی نەی- دڵسۆزەکەم- گوڵێ جانێ). ئاوازی سەرجەم بەرهەمەکان هونەرمەند خۆی دایناون، لەم کارە هونەریە کۆمەڵێك مۆزیکژەنی بە توانا بەشدارن لەوانە: (کارزان مەحموود-توانا خورشید- خەلیل عەبدوڵلاّ- کاروان مەحموود – یادگار عەزیز- نیاز محەمەد) کە هەریەك لەم ئامێرە مۆزیکیانە دەژەنن(تار –سێتار- دەف- زەرب- کەمانچە – ڤیۆلۆن- عود –نەی –کەڤان- باڵەبان- ساز –سەنتوور)، موزیای سەرجەم بەرهەمەکان لەلایەن هونەرمەند (کارزان مەحموود) ئامادەکراوە. لەم ئەلبوومەدا جگە لە (شیوەنی نەی) تەواوی بەرهەمەکانی تر بۆیەکەم جارە بلاّودەکرێتەوە. ئەم بەرهەمە لەلایەن کۆمپانیای چوارچرا بۆبەرهەم هێنانی هونەری بلاّوکراوەتەوە.

هونەرمەند بەهجەت یەحیا لە (فەنابوون) دەڵێ:

**لەودیو سنووری تەریقەتەوە تۆ دەپەرستم شەیدایی وایە**
**بێباکم لەوەی خوێنم حەلاڵ کەن کوا عاشقی راست گوێی لە دونیایە**
**منیش مەنسوورم ئەم رێیە دەگرم رێگای بەرەو تۆ بۆ من بڕوایە**
**جاڕی فیدابوون ئەمجار من ئەیدەم چونکە مەعبوودم لەناو دڵمایە**
**بانگی عەشق ئەدەم تا دوا هەناسەم چۆن عەشق پاکەوپیرۆزی تیایە**
**فەنابووم لەناو دنیای ئەوینا کەچی پێم وایە هەر سەرەتایە**
**من لەپەروانە فێری ئەوین بووم هەتاکو سووتان رووم لە چرایە**
**چۆن سوجدە بەرم بۆ عەشقێکی تر کە باڵای عەشقی تۆ لە هەورایە**

# سەمفۆنیایی نیشتمانی لە ئامێزی شاری هەولێردا

ئێوارەی 2005/12/24 لە هۆڵی میدیای شاری هەولێر تیپی سەمفۆنیایی نیشتمانی عێراقی بە هاوکاری بەڕێوەبەرایەتی هونەرە میوزیکیەکان لە کوردستان، هەولێر بە سەرۆکایەتی (محمد امین عزت) چەندین بەرهەمی بە پێزیان پێشکەش کرد کە بریتی بوو لە (دەستپێکی 1812- جایکوفسکی)و (سەمای شمشێرەکان- خاچا دۆریان) و( کونسێرتی چالۆ- ڤۆرجان) شایەنی باسە پێشکەشکردنی بەرهەمەکان تا 8ی ئێوارە بەردەوام بوو کە تیایدا چەندین هونەرمەندی موزیك ژەن و هونەر دۆستان ئامادەی ببوون.



# ماڵ ئاوا ساڵی 2005و بەخێرهاتی ساڵی 2006

**Aسەلاح کانەبی سەعید**

پاش چەند رۆژەکیدی دواساتەکانی ساڵی 2005 بەرێدەکەین و پێشوازی لە ساتەکانی ساڵەکی نوێ دەکەین، پێویستە مرۆڤ بەر لەوەی ئەو دوو ساتە گرنگە بەرێ بکات هەڵوێستەیەك لەگەڵ خودی خۆیبکات و ئاورێك لە رۆژەکانی رابردوو بداتەوەو بیرێکیش لە رۆژانی داهاتوو بکاتەوە.

مرۆڤ بوونەوەرێکی کۆمەلاّیەتییە ناتوانێ بە تەنها بژی لە بوارە کۆمەلاّیەتییەکان، پێویستی بە مرۆڤی هاو توخم و هاودەنگ و هاو زمان دەبێت، واتە لە جوولەو فەرمان و کار دایە بۆیە بێگومان رەفتارو کرداری باش و رەفتارو کرداری خراپیش ئەنجام دەدات. بە واتایەکی دی ئەو مرۆڤەی هەڵە نەکات ئەو مرۆڤەیە کە هیچ نەکات، بەلاّم ئەوەی گرنگە مرۆڤ کە هەڵەی کرد ئاساییە، بەلاّم هەڵەکان دووبارە نەکاتەوەو هەڵەی گەورە نەبن. پێویست دەکات مرۆڤەکان لەم ساتە رابردوەو داهاتووە تەنها ساتە بەرێکراوەکان نەژمێرێت، بەڵکو بەرنامەو دارشتنەکی بۆ داهاتووی خۆی دابرێژێ کە هەڵێنجراو بێ لەلایەنە باشەکانی ژیانی رابردووی و بەدەریش بێت لەلایەنە سلبییەکانی ژیانی، بۆیە پێویست دەکات سەری ساڵ تەنها نوێکردنەوەی ژمارەکان نەبێت بەڵکو نوێکردنەوەی خۆشەویستی و پەیمان و بیرو دڵ و دەروون و مێشك و ئەندێشەو خەون و هیواو حەزوو ئارەزووەکان بێت. ساڵی نوێکردنەوەی وتەو کردارەکان بێت لەگەڵ یەکتری و ساڵی نەهێشتنی خراپەو گەندەڵی و رارایی و دوو دڵی و ساختەیی و فێڵ و تەمبەڵی و نەهێشتنی کرداری ناو زڕاندن و هەموو جۆرە کردەوەیەکی خراپ بێت کە زیان لە مرۆڤ و گیانلەبەرو هەموو شتەکی زیندوو دەدات..

پێویست دەکات وەك مرۆڤەکی هۆشمەند بیر لە ژیان بکاتەوە چۆن بەرژەوەندی خۆی دەوێت ئەوهاش بۆ مرۆڤی هاوتوخمی خۆی بوێت بۆ ئەوەی مێژووی مرۆڤایەتی مێژووەکی روو سپی لێ دەربچێت، چونکە مێژوو مرۆڤ ئەینووسێ و ئەیهێنێتە ئەنجام نەك مێژوو بە خوودی خۆی، چونکە مرۆڤەکان لایەنێکی جێبەجێکردنی ئەم مێژووەن..

چەند رۆژێکە لەزۆربەی ولاّتان خۆیان ئامادە دەکەن بۆ ئەم جەژنە، بەلاّم لەولاّتی ئێمەو بەتایبەتی لە شاری هەولێر ئەم شەوە زۆر بەبێ جیاوازی لەگەڵ شەوانی پێش خۆی ئەڕوات، هیچ جیاوازییەك بەدی ناکرێ لەلای زۆربەی تاکەکان تەنها لە کەناڵە راگەیاندنەکان ئەو جیاوازییە بەدی دەکرێ، بەلاّم ئەم شەوە لەزۆر شارانی ولاّتان خەڵك ناخەون و تابەیانی شایی و شادی ئەگێڕن و لەناو کۆلاّن و گەڕەکەکانیش (بابا نوئێل) بەجلی رەنگاو رەنگەوە ئەگەڕێت و دیاری دابەش دەکات بەسەر منداڵانداو فێریان دەکات راستگۆ بن و خۆشەویستی لەنێوان خۆیان و منداڵان دروست بکەن و فەرمانەکانی دایك و باوکیان جێبەجێ بکەن، بەلاّم لەلای منداڵانی ئێمە نەك جەژنی سەری ساڵ، بەڵکو هەست بە جەژنی خودی خۆشیان ناکەن.

لەلای زۆر لە میللەتی ئێمە لە روانگەی مەزهەبەوە سەیری ئەم جەژنە ئەکرێ و بە جەژنی خۆی نازانێ و بۆیە دژی ئەوەستێتەوەو گرنگی پێنادات.

لەکۆتایدا رابردوو گرنگە بۆیە پێویستە بەگرنگیش بژمێردرێت، چونکە رابردوو نەبێ داهاتووش نابێ بۆیە رۆژەکانی ساڵی 2005 بۆ میللەتی ئێمە چەندین دەسکەوتی گرنگی تیا بەدی هاتووە لە رووی مافە مەدەنی و سیاسی و کۆمەلاّیەتیەکان.. بۆ ساڵی 2006 هیوا دەخوازم بۆ تەواوی مرۆڤایەتی ساڵی خۆشی و کامەرانی و ئاسوودەیی بێ.

Concessioner: Kamal Shakir
Editor- in- Chief:Shapol Fathi Kareem
No : 673
Date: 23/12/ 2005
Shapol_fathi@yahoo.com
Regay_kurdistan@yahoo.com
Tel: 2224286 -2220536
رێگای کوردستان
ئەو بابەتانەی بلاّودەکرێنەوە بیروبۆچوونی خاوەنەکانیان دەردەبڕن رێگای کوردستان لێیان بەرپرس نییە